# کابینەی پێنجەم

**رانانی : باوان عومەر**

کتێبی کابینەی پێنجەم لە دیدو رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانەوە بە قەبارەی (345) لاپەرە چاپکراوە لە (مرجان ادنە ترکیا) کە هەریەکە لە سەعد هەمەوەندی و سەنگەر حسێن مستەفا کۆیانکردوەتەوە، کە بریتییە لە راوبۆچوونی کۆمەڵێك نووسەر و رۆژنامەنووس لە سەردەمی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی.

کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی لە کابینەکانی پێشتری خۆی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم کابینەیە لەدوای یەککگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی یەکێتی و پارتی هاتەبوون و، توانی کۆمەڵێك دەستکەوت بەدوای خۆیدا بهێنێت بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، هەرچەندە ئێستاش کە کابینەی شەشەم بە سەرۆکایەتی د. بەرهەم سالح کۆتایی هاتووەو وادەی دەستبەکاربوونی کابینەی حەوتەم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانیە، بەلام ئەوەی کە جێی نیگەرانی خەڵك و پارتە سیاسیەکانە، یەکنەگرتنەوەی هەندێك دام و دەزگاو وەزارەتەکانی پێشمەرگەو ناوخۆو داراییە، کە تا ئێستاش کۆمەڵێك ئاستەنگ هەیەو نەتوانراوە سەرلەبەری ئەم سێ وەزارەتە وەك لە وەزارەتەکانی دیکە یەکبگرێتەوە.




هەریەك لە کابینەکانی حکومەتی هەرێم کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی و دەستکەوتی هەبووە، لە هەمان کاتیشدا بەدەر نەبووە لە کەم و کووڕی، ئەم کتێبەی کە بە ناونیشانی کابینەی پێنجەمە، تا رادەیەکی زۆر زۆر پیاهەڵدانە بەسەر کابینەی نێچیرڤان بارزانیدا، کەمتر رەخنەگرتن و دەرخستنی کەم و کورتیەکانە، ئەگەرچی هەر لەو کابینەیەدا نزیکەی چل و یەك وەزیر هەبوون، زۆربەشیان وەزیری بێ وەزارەت بوون و، دواجاریش ئەو وەزیرانە بە پلەو پۆستەکانیانەوە خانەنشین بوون، کە لە راستیدا دانانی ئەم وەزیرانە بۆ رازیکردنی دڵی حزبە سیاسیەکانی کوردستان بوو، مەبەستیشمان نییە کە لە بەهای ئەم کتێبە کەم بکەینەوە بەقەد ئەوەی کە مەبەستمانە ئەم کتێبەو سەرجەم کتێبەکانی تر بەهای راستەقینەی خۆیان لەدەست نەدەن، بەڵکو دەکرێت کەمێك پرۆفیشنالانەتر بنووسرایە، چونکە دەکرا لەکۆی ئەو شەش پرسیارەی کە ئاراستەی ئەو کەسایەتیانە کراوە چەند پرسیارێکی دیکەی تێدا بوایە سەبارەت بە دەرخستنی کەم و کووڕیەکان، یان لانی کەم هەندێك لەو پرسیارانە ئاراستەی هاووڵاتیەکی ئاسایی سەر شەقام بکرایە، نەك تەنها هەڵبژاردنێکی کەسە نوخبەکان، وەك ئەوەی بە مەبەست ئەو کەسانە دۆزرابێتنەوە، هەرچەندە لە هەموو دەنگ و رەنگەکانی تێدایە، بەلام ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی کابینەیەکی حکومەتی چوار ساڵی لە دیدی خەڵکەکەیەوە هەڵبسەنگێنی.

هەرچەندە لە نووسینی ئەو بەرێزانەی کە پرسیارەکانیان ئاراستەکراوە، شتی باشیان وتووە، بەلام هەندێکیان لەنێو قسەکانیاندا رەخنەشیان لێگرتووەو پێشنیاری باشیان بۆ کردووە بۆئەوەی باشتر کار بکات و لە کارەکانیدا سەرکەوتووتربێت.

تەنانەت ئەمجارەش بە داخەوە یەکێك لە رەخنەکان یان پێشنیارەکان نەکراوەتە ناونیشانی ئەو بابەتانە، تەنها ئەو قسانە زیاتر بە هەند وەرگیراون کە بریتییە لە پیاهەڵدان، مەبەستیشم لەم قسانە ئەوە نییە کە حکومەتەکەمان بە کەم بزانم یان بە کەم سەیری کابینەی پێنجەم بکەم، بەلام پێموایە ئەوە لە دڵسۆزیمانە کە دەڵێین رەخنە بەجێی خۆی کاری چاکەکردنیش بەجێی خۆی، چونکە رەخنەکانی من و تۆو ئەو، کارەکان باشتردەکات نەك ئەوەی کە بیشارینەوە.

گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێك دەریدەکات